ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**فیلم دروستکردن لە وێنە لە پرۆگرامی WMM.**

نووسەر: Kameran Sorani

@: Kameran.Sorany@Gmail.Com

زۆر کەس هەن کە ئارەزووی ئەوە ئەکەن لەو وێنانەی کە گرتوویانە فیلمێک ساز بکەن. بۆ نموونە وێنەکان بە کاریگەری جۆراوجۆر بە دوای یەکدا بێن و پاشبنەمای مۆسیکییان هەبێت، دواتر بتوانن وەکوو فیلمێک بە ( windows media player ) کاری پێ بکەن. ئەم کارە گران نییە و تەنها بە چەند هەنگاوێک جێبەجێ ئەکرێت.

گەر پرۆگرامی Windows Movie Maker ت نیە، دەتوانی لێرە دایبگریت.

هەنگاوی یەکەم: لە ( start ) ەوە بچۆ (All programs ) و بەرنامەی (Windows Movie Maker ) بکەرەوە. پاش کردنەوەی بەرنامەکە ئەم پەنجەرەیەت بۆ ئەکرێتەوە.




کرتە بکە لە ( collections )، دواتر برۆ ( file) و لەوێوە ( import ) کرتە بکە.




لە فایلەکانی خۆتەوە هەوڵ بدە وێنەیەک هەڵبژێرە و (import )ی بکە ، ئەم هەنگاوە چەند جارێک دووبارە بکەرەوە تا کۆمەلێک وێنە ئەهێنیتە بەشی ( collection ) ەوە.
هەنگاوی دووەم : هەمان هەنگاوی پێشوو دووبارە بکەرەرە بەلام لە جیاتی فایلی ڕەنگ هەوڵ بدە فایلێکی دەنگ بهێنەرە بەشی ( collection ) ەوە .




هەنگاوی سێیەم : پاشان هەوڵ بدە فایلی دەنگەکە دەستنیشان (sellect) بکەیت وپەنجەت لە سەر بەشی ڕاستی ماوسەکە دابنێ و فایلەکە ڕاکێشەرە ئەو بەشەوە کە لە وێنەکەیا دیارە.




هەنگاوی چوارەم : : پاشان هەوڵ بدە وێنەکان یەک بە دوای یەکدا دەستنیشان (sellect) بکەیت وپەنجەت لە سەر بەشی ڕاستی ماوسەکە دابنێ و ڕایان کێشەرە خوارەوە بۆ ناو ڤیدیۆ هەر وەک لە وێنەکەیا دیارە.




هەنگاوی پێنجەم : پاش تەواو بوونی ئەم هەنگاوانە ئەتوانیت دووگمەی کارپێکردنی ( windows media player ) ە کە ئیش پێ بکەیت تاکوو ئەو کارەی کە ئەنجامت داوە ببینیت و بە پێی ئارەزووی دڵی خۆت جێگۆڕکێ بە وێنەکان بکەیت یاخوود دەستکاری کاتی گۆرانییەکە بکەیت.




هەنگاوی شەشەم : پاش دڵنیا بوون لەو کارەی کە ئەنجامت داوە ئەتوانیت وەکوو (پرۆژە) یەک خەزنی بکەیت یاخوود راستەوخۆ وەکوو فیلمێک . بچۆرە (film save) ، ( file) هەڵبژێرە .

هەنگاوی حەوتەم : ئەگەر ویستت وێنەکان بە کاریگەری جوانترەوە دەربکەون ئەوا ئەتوانیت سوود لە (video effects) ببینیت .

ئەگەر هەر کاریگەرییەکت بە دڵ بوو ئەوا تەنها دەستنیشانی ( sellect ) بکە وپەنجە لە سەر بەشی ڕاستی ماوسەکە دابنێ و ڕای کێشەرە خوارەوە و لە نێوان وێنەکان دایان بنێ .

هەروەها ئەتوانیت سەرەتا و کۆتا بۆ فیلمەکەت دابنێی ، ئەویش لە ( toolbar ) ەوە (Make titles or credits ) هەڵبژێریت .
نموونەیەکی تایبەت بەم بابەتە.

Nov 2005 03

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل تبلیغات در این سایت